# یان دامەزران یان سوتان

***یونس حەمەد رەشید***

ماوەیەك لەمەوبەر پێنج گەنج لە وڵاتی مەغریب، لە پێش فەرمانگەیەکی حکومی لە ڕیباتی پێتەخت، ئاگر لە جەستەی خۆیان بەردەدەن وەك نارەزاییەك بەرامبەر دەسەڵاتدارنی ئەو وڵاتە ،خاڵێ هاوبەش لەنێوانیاندا ئەوەبوو کە هەموویان دەرچووی زانکۆ و خاوەن بڕوانامەن، بەڵام بەهۆی ئەوەی بێکارن و حکومەت نەیتوانیوە دایانبمەزرێنێت، بەمکارە هەڵدەستن، ئەگەرچی کارەساتەکە لە مەغریب ڕوویداوە بەڵام هەمان زەمینە لە کوردستانیش سازە بۆ ڕوودانی کردەوەیەکی لەمجۆرە، چونکە لێرەش گەنجێکی زۆر هەیە خاوەن بڕوانامەن و لەلایەن حکومەتەوە هەلی دەمەزراندیان بۆ نەڕەخساوەو بێ ئومێد بوونە لە ژیان، هەربۆیە بەناچاری بیر لەمجۆرە ڕێگەیە دەکەنەوە وەك دواچارەسەر بۆ کێشەکانیان، مەرگی بەناز جەوادیش ساڵی پار لە هەولێر بەڵگەیەکی زیندوە بۆ ئەم پێشبینییە ، بەگشتی دیاردەی خۆسوتاندن و خۆکوشتن یان هەڕەشەکردن بە خۆسوتاندن و خۆکوشتن، بە شێوەیەکی بەرچاو ڕووی لە زیادبون کردووەو بوەتە هەوێنی خۆپێشاندان و هەڵچوونە جەماوەریەکان لە زۆر شوێندا، ڕاستە هەندێك لە حالەتەکان بەتایبەتی لە کوردستان، زیاتر تەقلیدین و پەیوەستن بە پەیوەندی خۆشەویستی نێوان کوڕان و کچان، وەتێیدا ڕەگەزی مێ دەبێتە قوربانی، بەڵام زۆرێك لەم دیاردانەی بەمدواییە شتێکی نوێیە و هاوارێکە بۆ چارەسەری، هۆکارەکانیشی زەحمەتی گوزەرانی ژیان و باری خراپی ئابوری و پێکەوەنانی هاوسەرگیری و دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوونە ،بۆیە سەیر نیە کاتێک مرۆڤ هەست بە ستەم و نادادپەروەری دەکات و هیچ هیوایەکی بە چارەسەری نامێنێت بۆ کێشەکانی و کەس گوێی لێناگرێت، پەنادەبات بۆ خۆکوشتن و خۆسوتاندن، سەرباری ئەوەی کە بە شێوەیەکی کارەساتاوی و دڵتەزێن کۆتا بەژیان دێنن، دوای مردنیشیان لە کۆمەڵگەیەکی ئیسلامیدا چونکە خۆکوشتن تاوانێکی گەورەیە بە گوناهبار ئەژماردەکرێن و دەبنە خەمێکی گەورەش بۆ کەسوکاریان.

هەڵبژاردنی ئەم مێتۆدە بۆ نارەزایی دەربڕین، پەیامێکی گرانبەهاو بەهێزە بۆ دەسەڵات کە دەبێ بە زووترین کات دەستبکات بە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکانی ئەم توێژە گرنگەی کۆمەڵگە ،بەپێی ئامارەکان ڕەنگە کوردستان زیاترین ژمارەی فەرمانبەری حکومی هەبێت لە جیهان بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوانی خۆی، دیارە ڕێژەیەکی بەرچاویش لەم ژمارەیە "بندیوار"ن و بوونەتە مشەخۆر لەسەر داهاتی

گشتی، هەبوونی ئەم ژمارە گەورەیە شتێکی نائاسایی نییە ،چونکە هەلی کارکردن لە کەرتی گشتی لە کوردستان زۆربەی لە چوارچێوەی پەروەردە و تەندروستیە کە ئەمەش لەگەڵ ئەم سەردەمە ناگونجێ، بۆیە ئەمڕۆ دامەزراندنی کارمەندی نوێ لە کەرتی گشتی کارێکی مەحالە و پێویست نییە ،ئەگەر بشکرێ ئەوە جگە لە بەهەدەردانی داهاتی گشتی سوودێکی تری نابێت.

گرنگە دەسەڵات ئەو ڕاستیە بزانێت کە لای هاوڵاتیانی کوردستان بە هەژار و دەوڵەمەندیەوە دامەزران لە کەرتی گشتی وەك پۆستێکی نیمچە پیرۆز و دابینکردنی ئایندە سەیر دەکرێت، خاکی کوردستانیش خاوەن داهاتێکی سروشتی نەوتی گەورەیەو حکومەتی هەرێم توانای ئەوەی هەیە گۆڕانکاری ڕیشەیی ئەنجام بدات لەپتەوکردنی کەرتی گشتی، هەم وەك گەشەپێدانێك بۆ ژێرخانی ئابوری و هەم بۆ خەلقکردنی هەلی کار، بۆ نموونە دەبێت دەزگای ڕاگەیاندن و کۆمپانیای گەورەی گەیاندن و تەلەفۆن و بانك و بەنزینخانە و کارگەی ئاسن و کۆمپانیا زەبەلاحەکانی دی لەلایەن حکومەتەوە خاوەنداری بکرێت و ببێت بە بەشێك لە کەرتی گشتی، نەك لە ژێرناوی بوژانەوەی ئابوری یان موساتەحەو پرۆژەی بەناو زراعی، ببەخشرێت بەسەر خەڵکانێك کە تەنیا بیر لەگیرفانیان دەکەنەوە، چونکە ئەم جۆرە بوارانە لە دەوڵەتە بازاڕئازاد و سەرمایەدارەکانیش سەر بە دەوڵەتە، بۆیە جێی سەرسوڕمانە کە دەسەڵاتێك هێشتا لەسەر پێی خۆی نەوەستاوە و بانگەشەی دەوڵەتی سەربەخۆ دەکات ، کەچی گرنگترین کایە ئابورییەکانی بۆ کەرتی تایبەت جێهێشتووە ،یەکێك لەو پرۆژانەی کە حکومەت خەریکیەتی ئێستا وەك چارەسەرێك، بیمەی بێکارییە بۆ گەنجان، کە ئەمەش تەنیا بۆ تەمبەڵکردن و سەیرکردنی توێژی گەنجە وەك بارگرانییەك لەباتی سەیرکردنی وەك داهاتێکی بەشەری.

بۆیە دوای ئەو هەموو ئاگادارکردنەوە و داواکارییەی خەڵك بۆ چاکسازی، ئەگەر کابینەی نوێ دەستنەکات بە جێبەجێکردنی ئەم جۆرە پرۆژانە ، ئەوا شەبەح و تارمایی خۆپێشاندان بەرۆکی بەرناداو قەیرانەکە قووڵتردەبێت، بەتایبەتی لە ناوچەیەکی وەك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ڕێژەی زیادبوونی دانیشتوان لە هەموو شوێنێکی تری دونیا بەخێراتر بەرزدبێتەوە.